سەماحەتی حەکیم لەگەڵ شێخ خەزعەلی پێشهاتە سیاسییەکان و پاڕێشتی کردنی حکومەت تاتوە دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز سەماحەتی شێخ قەیس خەزعەلی ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی عەسائیب ئەهلی هەق کرد، لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکە و سەردانی چلەکە کرا کاتێك عێراقییەکان جوانترین وێنەی وەفاداریان بە ئەهلی بەیت (سەلاویان لێ بێت) پیشاندا و هێزی خێزان پیشانی میوانەکان و سەردانیکەران لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق دا.

لەم دیدارە پاراستنی دەستکەوتەکان بەتایبەتی سەقامگیری لەسەر ئاستەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنی جێختی لەسەر کرا و سەماحەتی حەکیم پاڕێشتی خۆی بۆ حکومەتی بەڕێز سوودانی لە هەڵوێستگوزاری و گۆشەپێدان دووات کردەوە.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پێویستە حکومەتە خۆجێیەکان لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەی خزمەتگوزاریەکانیان بەردەوام بن و گوتیشی پێویستە دەستەڵاتیان پێ بدرێت و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی دەوڵەت بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن لە پارێزگاکانیان جیاوازی دروست بکەن.

لەووی هەرێمیەوە بەڕێز حەکیم داوای کرد ناوچەکە لە شەڕ و ململانێی زیاتر بەدوور بگرن و بۆ ئەوەش بڕپ ێویستی زانی کە شەڕی غەزە ڕابگیرێت و ئاوارەکان بگەڕێنەوە و یاسا و بڕیارێ نەودەوڵەتیەکانیش جێبەجێ بکرێن، داواشی کرد کۆ ئەو لایەنانەی نایانەوێت شەڕکە پڕ بسەنێت داوا بکەن شەڕ بوەستێت لەبەر ئەوەی ئەو شەڕە تەنها لەم سنوورە جوگرافیە نامێنێتەوە بەڵکو پڕ دەسەنێت و بۆ زەرەر وەات و شوێنی دیکەی جیهان دەڕوات بۆتایبەتی لەگەڵ خواستی ئیسرائیل بۆ فراوان کردنی پانتایی ئەو شەڕە.